*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (85-100)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.5

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# "Three strategies for analyzing theories at the morphological level in the Kurdish language"

**Sara Esmail Hamad*[1]**
**Salahaddin University/ Kurdish Language Department**
saraismail346@gmail.com
**Prof. Dr. Sabah Rashid Qadir**
**Salahaddin University/ Kurdish Language Department**
dr.sabahrashed@yahoo.com

**Received:** 04/09/2025, **Accepted:** 15/09/2025, **Online Published:** 30/12/2025

## Abstract

If history had followed the separation of morphology from the level of syntax both of which were within the structures of grammar extensive efforts would have been made to analyze this level and many theoretical models would have emerger in this field .Based on these at tempts this morphological level was defined in numerous ways ،but the most prominent and successful of these was the definition offered by structuralists who stated that the morphological level is the internet structure of the word .This refuted the previously prevalent idea that the word is the smallest unit at the morphological level. Our attempt strategies up on which most the Ries are based in their level. The researcher presents one of the proposed models for applying the three strategies in light research into three axes with sub-axes to provide sufficient information.

**Keyword:** lexical unit codification strategy ،lexical unit organization model ،lexical unit meaning identification strategy ،unit productivity

[1] * **Corresponding Author**: Sara Esmail Hamad, **Email:** saraismail346@gmail.com
**Affiliation**: Salahaddin University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (85-100)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.5

# " ثلاث استراتيجيات لتحليل النظريات على المستوى الصرفي في اللغة الكردية"

سارة إسماعيل حمد
قسم اللغة الكردية/ جامعة صلاح الدين
د. صبا ح رشيد قادر
قسم اللغة الكردية/ جامعة صلا ح الدين

**الملخص**

لو تم مسايرة التاريخ حول فصل مستوى الصرف عن مستوى النحو واللذان كانا ضمن تراكيب القواعد اللغوية بذلت جهود كثيفة في تحايل هذا المستوى، وظهر كثير من النماذج النظرية فى هذا المضمار، وانطلاقا من هذه المحاولات تم تعريف هذا المستوى المصرفي بتعاريف جمة، واكن أبرزها والتي نالت نجاحا. التعريف الذي قدمه البنيويين واللذين قالوا بصدده: ان المستوى الصرفى عبارة التركيب الداخلي للكلمة حيث روت الفكرة السائدة آنذاك بان الكلمة هى أصغر وحدة فى المستوى الصرفي. محاولتنا فى هذا البحث هى عرض ثلاث استراتيجيات اللاتي تستند عليها جل النظريات فى تحليل تراكيب هذا المستوى، الباحث يعرض أحد النماذج المطروحة لتطبيق الاستراتيجيات عليها ولذلك وزعنا البحث على ثلاث محاور يتضمنها محاور فرعية لإملاء البحث بالمعلومات الكافية.

**الكلمات المفتاحية:** استراتيجية تدوين الوحدات المعجمية، استراتيجية انموذج تنظيم الوحدات المعجمية، استراتيجية تحديد معانى الوحدات المعجمية، إنتاجية الوحدات

# "سێ ستراتیژ بۆ شیکردنەوەی مۆدەلە مۆرفۆلۆجیەکان"

سارا اسماعیل حمد
زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان  بەشی کوردی

پ. د . صباح رشيد قادر
زانکۆی سە لاحە دین، کۆلێژی زمان

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (85-100)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.5

**پوختە:**

بە پێی ڕەوتی مێژوو،جیاکردنەوەی ئاستی مۆرفۆلۆجی لە ئاستی سینتاکس، کە پێشتر هەردووکیان بە ئاستی ڕێزمان ناودەبران، گەلێك هەوڵی جیاواز بۆ شیکردنەوەی ئەو ئاستەدرا،گەلێك تیۆرو مۆدەلی جیاوازیش هاتەکایەوە، لەوەشەوە پێناسەی جیاواز بۆ ئەو ئاستە کرا،بەڵام دیارترین پێناسە کە توانی سیمایەکی تێروپراوپر بە ئاستەکە بدات پێناسەی بونیادگەرەکان بوو، کە وا مۆرفۆلۆجی بریتییە لە"ڕۆنانی ناوەوەی وشە" کە تیایدا ئەوە ڕەتکرایەوە کە وشە بچوکترین یەکەی مۆرفۆلۆجی بێت،ئێمە لەو توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین سێ ستراتیژ بخەینە روو کە بەشی زۆری تیۆرو مۆدەلەکان دەستەبەری دەکەن، لە لێکدانەوەی پێکهاتەکانی ئاستی مۆرفۆلۆجیدا، یەکێك لەو مۆدەلانە دەخەینە بەر تیشکی لێکدانەوەکان، بۆ ئەوەی هەر سێ ستراتیژەکەی بە سەردا جێبەجێ بکەین، هەر بۆیەش ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بە سەر سێ تەوەرەی سەرەکی دابەش دەکرێت بە پێی جۆری ستراتیژییەکان جگەلەوەی هەر تەوەرەیەك چەند لقە تەوەرەیەك لەخۆدەگرێت.

**کلیلەوشەکان**

ستراتیژی لیستکردنی کەرستەکان،ڕێکخستنەوەی یەکە فەرهەنگیەکان،ستراتیژی دەستنیشانکردنی واتای گیرەکەکان، بەرهەمداری گیرەکەکان.

**پێشەکی:-**

**1-ناونیشان و سنووری توێژینەوە:-**

ئەو توێژینەوە بە ناونیشانی(سێ ستراتیژ بۆ شیکردنەوەی مۆدەلە مۆرفۆلۆجیەکان)

گەلێ مۆدەلی جیاواز بۆ شیکردنەوەی ئاستی مۆرفۆلۆجی خراوەتەروو هەر مۆدەلەو لە گۆشە نیگایەکەوە شیکردنەوە بۆ ئاستی مۆرفۆلۆجی و پێکهاتەکانی دەکات ،بەڵام لە هەر هەموو شیکردنەوەکان سێ ستراتیژ دەستەبەر دەکرێ بۆ جیاکردنەوەی نمونەکان لە یەکتری،سنووری توێژینەوەکە ئاستی مۆرفۆلۆجیە، بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ستراتیژەکان هەندێجار پەنا دەبرێتە بەر ئاستی سینتاکس.

**2 -گرفتی توێژینەوەکە لە بەر ڕۆشنایی ئامانجی توێژینەوەکە:-**

ئامانجی توێژینەوەکە گونجاندنی مۆدەلە مۆرفۆلۆجیەکان لە گەڵ زمانی کوردیدا بە هۆی زمانی کوردی کە زمانێکی تێکچرژاوە،هەندێجار پراوپر مۆدەلەکان گرفتی لێدەکەوێتەوە،بە تایبەتی لەو یاسایانەی بۆ بنج وقەدو ڕەگ دەستەبەردەکرێت.

**ڕێبازی دەستەبەرکراو لە شیکردنەوەکان:-**

ڕێبازی وەسفی شیکاری لە شیکردنەوەو لێکدانەوە،نموونەکان وچێوەی تیۆری مۆدەلەکان دەستەبەردەکرێ.

- **سێ ستراتیژ بۆ شیکردنەوەی تیۆرەکانی ئاستی مۆرفۆلۆجی لە زمانی کوردیدا**

گەلێ مۆدەلی جیاواز بۆ شیکردنەوەی ئاستی مۆرفۆلۆجی خراونەتەروو ئێمە هەول دەدەین هەندیک بنەما و ستراتیژ بۆ جیاکردنەوەی مۆدەلەکان بخەینەروو، یەکیک لەو مۆدەلانە مۆدەلی ڕێکخستنەوەی یەکە فەرهەنگیەکانە، کە تیایدا سی ستراتیژ دەستەبەر دەکرا بۆ شیکردنەوەی مۆدەلەکەو جیاکردنەوەیان لە مۆدەلەکانی تر.

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (85-100)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.5

خستنەڕووی ئەو سێ نموونەی هێلی بەهێزی و لاوازی هەر نموونەیەك دەخاتەروو بۆ نموونە ئێمە هەوڵدەدەین ستراتیجیەت بۆ جیاکردنەوەی ئەو سێ نموونەیە بخەینەڕوو، لەوەی هەر نموونەو پەیرەوێك دەستەبەر دەکەن لە شیکردنەوە و لێکدانەوەکانیان لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا، بۆ نموونە ( IA )ناتوانێ ڕیزبەندییەکی پتەو تۆکمە بۆ ڕێکخستنەوەی توخم و یەکە فەرهەنگیەکان دابنێ، بۆ نموونە بۆ زمانێکی وەکو زمانی ئینگلیزی لە کۆکردنەوە نارێکەکانی ناو، یان لە دەمەکاتی ڕابردوو نارێکەکان، بۆ نموونە لەو پێوەندەشدا هەندێ کردار هەن بێلایەن دەوەستن

Cut

کۆکردنەوە: نارێکەکان — Feet → Foot

کۆ — تاك

ڕێکەکان — Books → Book

دەمکاتەکان: ڕێکەکان — stopped → stop

Cut گۆڕانکاری بەسەردا نایەت

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە :-**

ئەو توێژینەوەیە بە سەر سێ بەشدا دابەش دەبێت بەو شێوەیەی خوارەوە:-

١-ستراتیژی یەکەم

١-١ لیستکردنی کەرەستەکان : Listing the Categories

مەبەست لەو لیستکردنەجیاکردنەوەی بنج و قەد و فۆرمی وشە نوێیەکەیە سەبارەت بەو سێ زاراوە بە ڕەگ و قەد و بنج لە ئاستی مۆرفۆلۆجی، ئەو سێ زاراوەیە لە ڕۆنانی مۆرفۆلۆجیدا شیکردنەهەوە و پێناسەی جیاوازییان دەوێ، ئەو سێ ئاستەش شێوەیەکی قووچەکی وەردەگرێت لە ڕووی گرنگییەوە بۆ نموونە ( ڕەگ root - سەری هەرەمەکە دەگرێت، بەشێکی بنچینەییە لە زماندا، ئەوەی پێویستی بەوتنە کەوا چەمکی ڕەگ لە زمانەوانی نوێدا جیاوازە لە چاو چەمکە کۆنەکەی کە تەنیا ڕەگی کرداری دەگرتەوە، بەڵام لە چەمکی نوێی زمانەوانیدا هەموو بەشە ئاخاوتنەکان دەگرێتەوە.

**أ-ڕەگ ( Root )**

وا پێناسە دەکرێ یەکەیەکی فەرهەنگی بنجیە بۆ وشە، کە واتا سیماتیکیە سەرەکیەکەی لێباردەکرێ، ئەو بەشەیە کە زیاتر بچوکتر ناکرێتەوە، ئەو بەشەی وشەیە کە دوای لابردنی هەموو گیرەکەکان لە پێشگر و ناوگر و پاشگر دەمێنێتەوە، بەواتای ئەوەی ڕەگ بۆ پارچەی بچووکتری واتادار کەرت ناکرێ بۆ نموونە:




دواى لابردنى هەموو
گێرەکانى ئەوەى دەمێنێتەوە (ڕەگ)ە

**سیما دیارەکانى ڕەگ:**

هەڵگرى واتاى چەمکى بنجیە

مەرج نیە هەموو دەم وشەیەکى تەواو، سەربەخۆبێ

دواى لادانى هەموو گێرەکان لە وشەیەکدا دێتەکایەوە
بۆ نموونە لە زمانى ئینگلیزى
cat ناوە، ڕەگە

بۆ مەرج و سیماى دووەم
Introduction
produce
لێردە duce ڕەگە

ئەو ڕەگە دەبێتە کرۆکێك بۆ دروستکردنى خێزانێکى فراوانى وشە. زۆرجار لاى زمانەکانى داماڵینى وشە لە هەموو گێرەکەکان، بە ڕێگەى ناسینەوەى ڕەگ ناودەبرێ( Katamba 1993:154 )

نموونە unhappiness دڵخۆش

Un + happy + ness

ڕەگ

Reader

خوێندن read : ڕەگ

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (85-100)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.5**

Deconstructionهەڵوەشاندنەوە

Deconstruction

constructڕەگەکەیە

گەر تێبینی ئەو وشەیەی سەرەوە بکەین دەنگی /t/ کۆتایی ڕەگەکە و هەمان دەنگ لە سەرەتایی پاشگری( Tion ) ، کە پاشگرێکە لە زمانی ئینگلیزی بۆ دروستکردنی ناو بەکاردێت، یەکێك لەو دوو دەنگە لە ناودەچێت، واتە

De-construct-Tion

ئەو دیاردەیە لە مۆرفۆلۆجی بەدیاردەی ( هایلۆلۆجی ) ناو دەبرێ لەوەی کە، دوو دەنگی هەمان شێوە بوونە دراوسێ لەو وشەیەکدا، ئەوا یەکێکیان بۆ سووکی دەربرین لەناودەچێ، کاریگەری لەسەر واتا و ئەرکی وشەکە دروست نەکات، بۆ نموونە لە زمانی کوردیید:

ڕێکەوتن       ڕێك + کەوتن

هیچ کاریگەرییەکی لە چەمکی وشەکە دروستنەکردووە، بەڵآم لە وشەی

پێك کەوتن و پێکەوتن

دوو چەمکی واتایی جیاواز دێتە کایەوە

پێکەوتن : یەکلایەنانەیە

پێك کەوتن: دوو لایەنانەیە       ( قادر،بەرزنجی ،28:2013)

بۆ دۆزینەوەی ڕەگەکە:

پێك + کەو + ت + ن

↓

ڕەگی کردارەکەیە

**ب-بنج (base) القاعدة**

بەو جۆرە پێناسەی بنج دەکرێت: هەر فۆرمێك پاشگرێکی بۆ زیاد بکرێ، هەندێجار وا ڕێکدەکەوێ بنج یەکسان دەبێ بە ڕەگ، یان قەد، یان دەکرێ وشەیەك بێ، بۆیە بنج زاراوەیەکی گشتیە و بریتیە لە شێوەیەك وەکو بنچینەیەك بۆ کردە مۆرفۆلۆجیەکان بەکاردێت.

**سیماکانی بنج:-**

ئەو بنکەیەیە کە دەتوانرێ گیرەکی بۆ زیاد بکرێ، بەمەش هەندێجار بنجەکە لە بنجێکی سادە دەبێ

وەکو ‘cat’ + ‘s’

↑

بنجە بۆ ئەو وشە کۆیە

لەزمانی کوردیدا

"دار" + " ان"

↑

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (85-100)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.5

بنجە

جاری وا دەبێ بنجەکە دەبێ بە قەد

‘Happi ‘+ ‘ness’

بنجە -قەد ئەو گیرەکەی بۆ زیاد کراوە

لە زمانی کوردی:

منداڵە + ك + ان

بنجە -قەد ئەو پاشگرەی بۆ زیاد کراوە

لە وشەیەکی ناسادەی وەکو:

“unhappy” + ness

بنجە ئەو گیرەکەی بۆ زیادکراوە

بەکورتی لەو وشە ناسادەیەدا

لە unhappy

happyدەبێ بە بنج چونکە گیرەکی (un -) ی بۆ زیاد کراوە
لە وشەیhappiness
وشەی Happiدەبێ بە بنج
لە زمانی کوردی:

لە وشەی خوێنەران ( خوێنەر ) دەبێ بە بنج چونکە پاشگری ( ان ) بۆ زیاد کراوە
کەچی لە وشەی خوێنەر
خوێن + ەر

دەبێ بە بنج و ( ەر ) بۆ زیادکراوە بڕوانە( Spencer 1991 : 131 )

**پ -قەد ( stem )**

پێناسە: ئەو بەشەی وشەیە کە گیرەکی ڕێزمانی بۆ زیاددەکرێ، ئەو بەشەی وشەش لە زۆر باردا بریتی دەبێ لە ڕەگ + گیرەکێکی وشەدارێژ، بەڵام بەبێ هیچ کۆتاییەکی ڕێزمانی. قەد هەردەم وەسفیتیۆرێکی فەرهەنگی دەکات ( وەکو: ناو، کردار، ئاوەڵناو، هتد ) ئەو وشانەی بەر لە فۆرفێمە ڕێزمانیەکان.

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (85-100)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.5**

**سیماکانی قەد:**

-قەد ئەو فۆرمەیە کەوا پاشگرەکانی (نیشانەی دەمکاتەکان، نیشانەی کۆ، پاشگرەکانی دۆخ ) یان بۆ زیاد دەکرێ .

- قەد هەردەم وشەیەکی تەواو پێشکەش دەکات، یان فۆرمێکی ئامادەیە بۆ وەرگرتنی گیرەکی ڕێزمانی، یان شێوەیەکە ئامادەیە بۆ گەردانکردن، زۆرجار بەرامبەر بە ڕەگ دەوەستێ، گەر گیرەکی وشەدارێژی پێوەنەلکابێ.

**ڕێگەی ناسینەوەی قەدەکان:**

سەرەتا: بۆ نموونە گیرەکەکانی ناسیاوی، کۆ، دەمکاتەکانی دەستنیشانبکەو لایانبە ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوە قەدە. بۆ نموونە :

لە وشەی " cats " ، "cat"قەدە لەهەمان کاتدا ڕەگە

لە وشەی " running " ، "run"قەدە لەهەمان کاتدا ڕەگە

لە وشەی " unhappiness' " ، "unhappiness"قەدی وشەکەیە پاشگری'es' ی بۆ زیادکراوە لێرەداوشەی " unhappiness "پێکدێت لە:

ness + un + happy

ڕەگ گیرەکی وشەدارێژ گیرەکی وشەدارێژ

خوێنەرەکان

خوێنەرەکە دەبێتە قەد، ( ان ) ی کۆی بۆ زیادکراوە ئێمە ئەگەر وەکو کورتەیەك بەکۆی زاراوەکاندا بچینەوە، ئەوە ڕەگ وا پێناسە دەکرێ زیاتر لە زمانەوانی مێژووییدا بەکاردەهات، بەشێکە لە پۆلکردنی توخمەکان کاتێك بمانەوێ ڕۆناکی وشەیەك شیبکەینەوە، ئەوکاتە ڕەگ ئەو بەشەی وشەیە، ئەگەر زیاترکەرت بکرێ ناسنامەی خۆی لە دەستدەدات، بە واتایەکی تر ئەو بەشەی وشەیە کاتێك هەموو زیادەکان گیرەکەکانی لێدا دەماڵرێ
بۆ نموونە لە وشەیەکی وەکوmeaning Fulness :
دواى لێکردنەوە، ( -ness )، ( -full )، ( -Ing )
ئەوەی کە دەمێنێتەوە ( mean ) ڕەگەکەیە( Crystal 2008:419 )
بۆ نموونە لە وشەیەکی وەک:-
دەهاتینەوە
دواى لابردنی گیرەکانی ( دە ، ت ، ین ، ەوە )
مۆرفیمی ( ها ) وەکو ڕەگ پێناسە دەکرێ

سەبارەت بە قەد هەمان بواری لێکدانەوەی زمانەوانی مێژوویی لە خۆدەگری لە شیکردنەوەی ڕۆنانی وشەدا، قەد هەندێ جار وەکو ڕەگێکی سادە دەردەکەوێ وەکو قەدێکی سادە وەکو ( پیاو ، man )یان وەکو دوو مۆرفیمی قەدی لێکدراو وەکو (Blackbird )، یان وەکو مۆرفیمیکی ڕەگ لە پاڵ گیرەکێکی وشە داڕێژ، کە بە قەدی ئاڵۆز ناو دەبرێ، وەکو

| | | |
|---|---|---|
| manliness | unmanly | manly |
| پیاوەتی | ناپیاوانە -ترسنۆك | پیاوانە ( هەمان سەرچاوە 452 ) |

دەکرێ هەموو ئەمانە لە خشتەیەکدا کۆبکەینەوە:-

| سیما جیاکەرەوە | ڕەگ | بنج | قەد |
|---|---|---|---|
| بەگشتی | بنجی ترە و ناکرێ زیاتر کەرت بکرێ | هەر شێوەیەك کە گیرەکی بۆ زیاد بکرێ | هەر شێوەیەك کە گیرەکی بۆ زیاد بکرێ |
| چێوەکەی | بچووکترین یەکەی واتادارە | جیاوازە لە (ڕەگ، قەد، وشەیەکی ئاڵۆز ) | ڕەگ+گیرەکی وشە دڕێژ |
| ئەرك | واتای سیمانتیکی سەرەکی هەڵدەگرێ | دەبێتە بنچینەیەك بۆ وەرگرتنی زیادە | وشەکە ئامادە دەکات بۆ گەردانکردن |
| نموونە | read،Happy ، love | Happy لە وشەی unhappy | cat لە وشەی cats |

بڕوانە ( Aronoff 1976:11 )

دەکرێ ئێمە لەو خشتەیە، خوارەوە هەندێ جیاوازی بەپێی ستراتیژی یەکەم بخەینە ڕوو، دوای خستنەڕووی ئەو تێکچرژانەی لە نێوان ڕەگ، قەد و بنج بە دیدەکرێ، کە هەر سێکیان لە یەك چوار چێوەدا ڕەفتار دەکەن، مەبەست ڕەفتاری مۆرفۆلۆجی و سینتاکسیە.

Inflection / Derivation

| NO | Base / stem | Complex word | Inflection/ Derivation |
|---|---|---|---|
| 1 | Start(v,stem) | Start. ed (v) | Inflection |
| 2 | Computer(N,stem) | computer. s (N) | Inflection |
| 3 | Large(Adj,base) | en. large (V) | Derivation |
| 4 | Hospital(N,base) | hospital. Ize (v) | Derivation |
| 5 | Do(v,base) | re. do (V) | Derivation |
| 6 | Correct(Adj,base) | in. corrects (Adj) | Derivation |

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (85-100)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.5**

وێنەی خشتەکە( Bauer 2003:14 )

**٢-١-ستراتیژی دووەم**

دەستنیشانکردنی واتای گیرەکەکە:

بەر لەوەی ستراتیژی دووەم بخەینە ڕوو، کە پێداگری لەسەر واتای گیرەکەکان دەکات، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین ئەو ئەو زاراوانەی خرانەڕوو بە پێی پۆلی مۆرفۆلۆجی زمانەکان چەمکی ڕەگ و قەد و بنج دەگۆڕێ، ئەگەرچی پارێزگاری لە هێل و چەمکە گشتیەکە دەکەن، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبی، کە پۆلی زمانە ناوگریەکانە و زمانێکی دارێژراوە، ڕەگ تەنیا نەبزوێنەکان دەگرێتەوە بۆ نموونە:-

لە وشەیەکی وەکو : كتبة          Keteba

K t b          دەبن بەرەگی وشەکە

ناوگرەکان زیاتر نیشانەی دۆخەکان ( علامات الاعراب ) سەیر دەکرێت.

لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، لە چێوەی لێکدانەوەکانی هەندێ لە زمانەوانە ئەڵمانیەکان، لە بازنەی شیکردنەوەی ئاستی مۆرفۆلۆجی، لە سایەی بۆچونەکانی چۆمسکی بە تایبەتی لە پرۆگرامی بچوککراوەدا، وەکو ڕێبازێکی فەرهەنگی ژمارەیەك شیکردنەوەیان بۆ جیاکردنەوەی گیرەکە ڕێزمانیەکان لە وشە دارێژراوەکان ئەنجامدا، لەو بارەیەوە ئەوان بەو بیرۆکەیەی چۆمسکی 1993 پشت ئەستوور بوون لەوەی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی لەو پەیوەندییە داخراوە دەرکرد، کە پیشتر وەکو دوو ئاستی داخراوی چێوەی ڕێزمان سەیر دەکرا، واتە بواری ئەوەیان ڕەخساند هەریەك لە ودوو ئاستە بەسەربەخۆیی لێکبدرێتەوە

بڕوانە( wuderlich and Fabri 1995:93 )

ئەوەی لە خشتەکەدا تێبینی دەکرێ ئەوەیە، کەوا ئەو بنکەیەی کە یەکێ لە گیرەکەکان وەردەگرێ ( ڕێزمانی یان وشە دارێژراو ) سنووری وشەکە بەر لە دروستبوونی دادەرێژی، بەواتایەکی تر ئەو بنکانەی کە مۆرفیمەکە گەردانیەکان وەردەگرن مەبەستمان گیرەکە ڕێزمانیەکانە ئەوە بە قەد دادەنرێت، کەچی وەرگرتنی گیرەکە وشەدارێژراوەکان بنکەکە دەکات بە بنج.

**٣-١ --ستراتیژی سێیەم:-**

دەسنیشانکردنی واتای گیرەکەکە لە وشە ئالۆزەکەدا، لە زۆربەی زمانەکاندا گیرەکە گەردانییەکان -ڕێزمانیەکان هەردەم واتایەکی ڕێکخراو و ڕوونتر هەلدەگری، بەلآم گیرەکە وشە دارێژەکان هەندێجار ئەو سیفەتە هەڵدەگرێ، هەندێجار نا ( Bauer 2003:15 )

بۆ نموونە: لەو خشتەیەی سەرەوەدا هەردوو گیرەکی گەردانی ( ed- ) ، ( s- )، ( ed- )گیرەکێکی گەردانیە بۆ کرداری زیادکراوە کە دەیکات بە ڕابردوو، یان ڕابردووی تەواو، چونکە بنکەی کردارە ئەسلیەکە لە دەمکاتی ڕانەبردوو دایە

start → started

start → had started

ئەوەش جۆری سیاقەکە دەستنیشان دەکات

بەهەمان شێوە گیرەکی ( s- ) کە بۆ ناوێکی تاکی ژمێردراو زیاد دەکرێ (S+Computer) هەموو دەم ناوە تاکە ژمێردراوەکە دەکات بە کۆ، بەڵام بە بەراورد بەو گیرەکە گەردانییانە، با هەندێ لە گیرەکە نارێزمانیەکان ( وشە دارێژەکان شیبکەینەوە ) بۆ نموونە:

گەر بمانەوێ بزانین واتای گیرەکە وشە دارێژەکان چییە؟ سەیری نموونەی ناو خشتەکە بکە:

گیرەکی / پێشگری – en کە بۆ وشەی / بنجی / large زیاد دەکرێ کە زیاتر بۆ هاوەڵناوەکان زیاد دەکرێ، بەواتای گەورەکردن دێت واتە کاتێك -en بۆ (x) زیاد دەکرێ(x) ئاماژەیە بۆ ئاوەڵناوێك بۆ نموونە:-

نازە وێنەکەی خۆی گەورە دەکات

Naza will enlarge the lovely picture

کەچی لە نموونەی تری وشەیەکی ئالۆزدا encourage ( هاندان ) بە واتای هاندان دێت نەك ئەو واتایەی بە large ( ی بەخشی، بەواتای وابکەی شتێك یان هەندێ کەس بوێری هەبێ.

Professors encourage their students to express their ideas

مامۆستاکان هانی قوتابیەکانیان دەدەن گوزارشت لە بۆچوونەکانیان بکەن یان لە وشەیەکی en-danger کەسێك یان شتێك بخەیتە مەترسیەوە، کەوا واتای گیرەکە گەردانیەکان بەر لە بەکارهێنانیان دەتوانرێ پێشبینی واتاکانیان بکەین، بەڵام ئەوە لە گیرەکە وشە دارێژەکان بە دیناکرێ بە واتایەکی تر واتای گیرەکە وشە دارێژەکان نارێکن لە چاو گیرەکە گەردانیەکانەوە ) بڕوانە Booing 2006:180 )

بۆ نموونەکە لە زمانی کوردیدا:

( -ەکە ) ناسیاوی کاتێك وەکو گیرەکێکی رێزمانی یان گەردانکردن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، دەکرێ بوتری گیرەکێکی گەردانیە بچێتە سەر هەرناوێکی تاك دەیکات بە ناسیاوی، بۆیە دەڵێین ناسیاوی، چونکە کۆتبەندی ریزکردنی گیرەکەکان ئەوە دەسەپێنی کە دەبێ بەر لە گیرەکی کۆ دەربکەوێ

دیوار + ەکە ← دیوارەکە

بەڵام دیواران + ەکە ← نارێزمانیە

سەبارەت بە گیرەکە وشەدارێژەکان بۆ نموونە

-ەتی

بەر لە بەکارهێنانی ئەستەمە تێبینی واتاکەی بکەین

خۆشناو + ەتی بۆ دەستنیشانکردنی ناوچەیەك یان شوێنێك

پیاو + ەتی ناوێکی مەعنەوی بۆ خەستکردنەوەی سیفەتی پیاو

تەواو + ەتی نەهێشتنی هیچ گومانێك،

هەرچەندە کورد لە بەکارهێناندا پێشبەندی ( بە - ) ی لەگەڵ بەکاردێنێ واتە ( بە تەواوەتی ). کورتەی بۆچونەکە لەوەدایە دوای بەرهەمهێنانی وشە ئالۆزەکە دەزانرێ، کە گیرەکە بەکارهاتووەکە، کە خراوەتە سەر

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (85-100)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.5**

قەدەکە / بنجەکە گیرەکی گەردانیە، یان وشەدارێژ، ئەگەر وشە بەرهەمهاتووەکە لە بەشێکی ئاخاوتنی جیاواز لە بنجەکە / قەدەکە بوو، ئەوە گیرەکە بەکارهاتووەکە گیرەکی وشەدارێژە، هەر بۆی (Bauer 2003:15 ) بە جۆرێکی روونتر دادەرێژیتەوە بەو شێوەیەی خوارەوە:-

| No | Affix گیرەکەکان (prefix / suffix) پاشگر/ پێشگر | Meaning (Regular/irregular) واتا رێک | Inflection گەردانی Derivation وشە دارێژ |
|---|---|---|---|
| 1 | -ed eg start –ed | ''p. Tense or. Particle' تەواو (regular) رِيَك | Inflection گەردانی |
| 2 | -s eg computers | '' plural '' or more than یان لە یەك زیاتر one (regular) رێك | Inflection گەردانی |
| 3 | en – eg en. Large<br>en. Courage<br>en. danger | At least three possible بەلاني كەم سێ ئەطتري Irregular meanings لە واتاي نارێك<br>a) ' to make X '<br>b) '' to make sb/ sth have X ''<br>c) ' to put in X ' | Derivation وشەدارێژ |

بوونی زیاتر لە ئەگەرێکی واتایی لە گیرەکی وشە ئالۆزەکەدا یەکێکە لە سیفەتەکانی گیرەکی وشەدارێژ، نەك گیرەکی گەردانی، بەڵام دەنگی کۆتایی بنجەکە جۆری فۆرمی گیرەکە هەڵدەبژێرێ، ئایا گیرەکە ئەسڵەکە، یان ئەلەمۆرفەکەی وەردەگرێ، بۆ نموونە:

١-ئەگەر کۆتایی بنجەکە دەنگێکی نەبزوێن بوو لە وەرگرتنی گیرەکی گەردانی ناسیاویدا گیرەکە ئەسلیەکە (مۆرفیمەکە ) وەردەگرێ

دار+ەکە----دارەکە

مۆرفیمی ناسیاویە لە مێشکی قسەکەر وێنەی هەیە

ئەگەر کۆتایی بنجەکە بزوێن بوو، ئەوکاتە شێوە مۆرفیمەکە وەرناگرێ بەلکو یەکێ لە مۆرفەکانی (ئەلەمۆرف )ەکان وەردەگرێ

برا + کە

\+ یەکە



*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (85-100)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.5

دڵنیابوون لە بەرهەمی گیرەکەکە

لەو سیاقەدا چالاکی و سستی جۆری گیرەکە دەخاتە ڕوو، ئایا ئەو گیرەکە چەند چالاکە لەبەرهەمهێنانی وشەی نوێ ( بڕوانە هەمان سەرچاوە 70 ) سەبارەت بەو گیرەکانەی لە خشتەکەدا خرایەڕوو، بە تایبەتی سەبارەت بە گیرەکە وشە دارێژەکان بۆ نموونە پێشگری ( en- ) ناتوانێ بچێتە سەر وشەکانی وەکو

glad ،hot ،campus

ئەگەر ئەگەری بەکارهێنانیان پێبدرێ لە چوارچێوەی ئەگەرێکی لاواز دەمێنێتەوە

Eng lad وابکەی شتێك بەختەوەربێ

Enhot وابکەی شتێك گەرم بێ

Encompass وابکەی شتێك ببەیە ناو پیرۆزی زانکۆوە

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا دارشتن کەمتر چالاکە لە چاو گەردان کراوەکان لە زمانی کوردیدا بۆ نموونە:

گیرەکی وشەدارێژی ( ئاوز )

لە زمانی کوردیدا تەنیا لە دوو وشە دا دەردەکەون و دەلکێن

تەر + ئاوز ← تەراوز : تۆکردن دوای باران

وشك + ئاوز ← وشکاوز : تۆکردن پێش باران

ئێمە لە سەرتای ئەو تەوەرەیەدا ویستمان جیاوازییەك لە نێوان هەردوو جۆرە گیرەکە بکەین، بەپێی بۆچونی زۆربەی زمانەوانەکانەوە، گەلێك جیاوازی لە نێوانیان دەکەن، لە بەرامبەردا هەندێ لە زمانەوانەکاندا دان بەو جیاوازیە نانێن، ئێمە لەو توێژینەوەدا هەڵدەدەین بەپێی تیۆرە نوێیەکان هەندێ جیاوازی نوێ بخەینەروو، دەکرێ جیاوازییەکان بە شێوەیەکی تر بخەینەڕوو، ئەمەش لە ڕێگەی خستنەڕوو تایبەتمەندییەکانی گیرەکە وشە دارێژەکان بەتەنیا و دواتریش گیرەکە گەردانیەکان بەتەنیا.

- **تایبەتمەندییەکانی گیرەکە وشە دارێژەکان:**

سەبارەت بەو تایبەتمەندیەی کە سیمایەکی جیاکەرەوە دەبەخشن بە مۆرفیمی وشەدارێژ دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین کەوا سنور دانان لە نێوان ئەم جۆرەی مۆرفیمی بەند و جۆرەکەی تری کە مۆرفیمی ڕێزمانی یە کارێکی وا سوك و ئاسان نیە.

زانا و شارەزاکۆنەکانی زمان هیچ جیاوازیەکیان لە نێوان ئەو دوو دیاردەیە نەدەکرد بە شێوەیەکی گشتی لەلای ئەمانە وشە بچووکترین دانەی ڕێزمانی بوو (قادر،2000:55) ڕێزمان نووسە کوردەکانیش شوێن هەڵگری بۆچوونەکانی ئەوان بوون و هەردانیان بە بوونی ئەرکی مۆرفیمی دارشتن داناوە هەر ئەرك و توانای ئەو مۆرفیمانەیان لێکداوەتەوە کە واتای وشە دەگۆرن.

گرنگترین تایبەتییەکانی مۆرفیمی وشەدارێژ ئەمانەن:

مۆرفیمی وشەدارێژ پۆلی سینتاکسی وشەدەگۆرێ، بە واتایەکی تر،ئەگەر وشەکە بەر لە وەرگرتنی گیرەکەکە ( بۆ نموونە ) ناو بوو، دەبێ دوای وەرگرتنی گیرەکەکە ببێتە بەشێکی تری ئاخاوتن یان بەشێکی تری ناو: بۆ نموونە لە کوردیداپێشگری ( بێ ) و (

*Journal of Language Studies* **Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (85-100)**
**DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.5**

ب ) به مۆرفیمی وشەدارێژ دادەنرێن، چونكە پۆلی سینتاكسی بنجەكە دەگۆڕن لە ناوەوە بۆ ئاوەڵناو وەك لەم نموونانە

(بێ -)

( بێ -) + ( هێز ) ⟵ ( بێ هێز )

پێشگری وشە دارێژ ناو ئاوەڵناو

( بە- )

( بە- ) + ( جەرگ ) ⟵ ( بە جەرگ ) ( ئاوەڵناو )

ناو

دەردەكەوێ:-

هەروەها پێشگری ( بـ - ) بەوشەدارێژ دادەنرێ چونكە بەشی ئاخاوتن دەگۆڕێ، هەرچەندە چالاكی زۆر لەو دوانەی سەرەوە كەمترە: بۆ نموونە:

( بـ - )

( بـ - ) + ( كوژ ) ⟵ ( بكوژ ) ( قادر,56:2000)

پێشگر ڕەگی كار ئاوەڵناوی دارێژراو

لە لای هەندێ لە زمانەوانەكانی بواری مۆرفۆلۆجی زۆر دان بە بوونی ئەو جیاوازییە نانێن، كەلە نێوان مۆرفیمی وشەدارێژ مۆرفیمی ڕێزمانی(گەردانیدا)هەیە بەڵام هەندێ جیاوازی دەكەن لە نێوانیان:-

١-مۆرفیمەگەردانیەكان هەردەم وەكو سەرە وشە یان فرەیزەكان شیدەكرێنەوە كەچی مۆرفیمە وشەدارێژەكان لەوسیمایە بەدەردەنرێن(بروانە Wunderlich 1987:330)

٢-مۆرفیمەوشەدارێژەكان دەتوانن پۆلی فەرهەنگیەكە بگۆڕن، لە مۆرفۆلۆجی پرۆگرامی بچوككراودا سیمای ڕۆنانی ئەرگۆمێنتەكە وەردەگرێ بۆ شیكردنەوەی مۆرفۆلۆجی دارشتن وەكوئەوەی لە كردارە پۆزەتیڤەكاندا دەتوانێ كارایەك لە ڕۆنانی كردارەكە زیاد بكات وەكو:-

خواردن

دەر +خوارد دان

من نانەكەم دەرخواردی منداڵەكەدا

جیاوازە لە:

من نانەكەم خوارد

گیرەكی(دەر) وشەدارێژە هێزی كردارەكە بۆ بكەرو دووبەركار زیاددەكات

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (85-100)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.5

٣-مۆرفیمە ڕێزمانیەکان هەردەم لە سیمای بنجەکان دەکۆڵێتەوە، وەکو دەمکاتەکان، یان مۆرفیمەکانی ڕێکەوتن، لەووە مۆرفیمە وشەدارێژەکان ناوەرۆکێکی واتایی دەوڵەمەندتری هەیە لە چاو مۆرفیمەڕێزمانیەکان، ئەوەش زیاترلە مۆرفیمەکانی مۆرفۆلۆجی بەرنامەی بچوککراودا دەردەکەوێ، لە نواندنەفەرهەنگیەکاندا دەردەکەوێ

(بڕوانە Stiebel's 1998:283)

٤-لە دیاریەگیرەککردن(دارشتندا affixation) بەواتایەکی ترمۆرفۆلۆجی دارشتن فۆرمی کاندید(بەربژێر)بۆ ڕێزمانی ودارشتنیش ئامادەدەکات.

سەیری ئەم خشتەیەی خوارەوەبکە:-

سیستەمی گەردانکردن لە MM مۆرفۆلۆجی پرۆگرامی بچوککراوەدا دەردەکەوێ

Minimal Morphology




**ئەنجامەکان:-**

1-جیاکردنەوەی سنوری نێوان ڕەگ، قەد، بنجەکان سنورێکی کۆنکرێتیان نییە چونکە لە ڕووی ڕەفتاری ئەرکی و چەمکیەوە تێکەڵدەبن،لەوەی هەندێ جار تاکە مۆرفیمێك هەرسێ سیماکە لەخۆدەگرێت.

2-بە هۆی گرنگی مۆرفیمە وشەدارێژەکان ومۆرفیمە گەردانیەکان لای زۆربەی زمانەوانەکان بە چێوەی تیۆری (تیۆری مۆرفیمە وشەدارێژەکان ومۆرفیمە گەردانیەکان)دایان ڕشتووە.

3-بە بەرهەمداری مۆرفیمەکان(گیرەکەکان) وەکو ستراتیژیەك سەیردەکرێ بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەکانی ئاستی مۆرفۆلۆجی.

4-ناکۆککردن بە یەکێک لەو دیاردانە دادەنرێ کە بەرامبەر بە یاسا مۆرفۆلۆجیە چالاکیەکانی خۆی ئەنجامدەدات، ئەوەش زیاتر لە ڕووبەڕوو بونەوەی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستەکانی تر دێتە کایەوە.

**سەرچاوەکان:**

*Journal of Language Studies* Vol.9, No.4, Part 1, 2025, Pages (85-100)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.9.4.P1.5

**بەزمانی کوردی:**

1- حاجی مارف،ئاورەحمان (1992) ڕێزمانی کوردی (وشەسازی) بەرگی سێیەم-ئاوەڵناو،چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق،بەغدا.
2- قادر،صباح رشيد، فەتاح،محەمەد معروف(2006) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی روون.

**نامەی ماستەر:**

3-قادر،صباح رشيد (2000) هاوبێژی و فرەواتایی لە (گیرەك)دا كۆلێژی زمان،زانكۆی سلێمانی.

4-قادر،بەرزنجی (2013) هەندێ تێبینی لە سەر ڕێزمانی کوردی گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆچونەکەی گرین بێرگ ژمارە 28 لا پەرە 68.

**References**

5-Kadamba. (1993), Morphology UK: London, Macmillan press.

6-Spencer, A. (1991). Morphological, Theory. Blackwell publishing.

7-Crystal, David. (2008). The Dictionary of Linguistics and phonetics,6th Ed Blackwell publishing.

8-Aronoff, M. (1976) word formation in Generation Grammar. The MIT press.

9-Wunderlich.D.(1987). An investigation of lexical composition. University of Dusseldorf.

10-Stiebels.B.(1998). Complex denominal verbs in German. Dordrecht.

11-Keparsyl (1997). Remakes on Denominal verbs Stanford. CA: publication.